# ئەوەی لەتاو ئازادی لەخۆی بێزاربێ، بێشک دوژمنی سەرسەختیشی سۆشیالیزمە،
# جا لە هەر بەرگ و ڕەنگێکدا بێت

هەژێن
٢٠٠٥/٠٦/١١

بەشی دووەم*

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چەپ ئەوەیە، کە بەناوی ئازادییەوە دژایەتی ئازادی دەکات و بەناوی سۆشیالیزمەوە، کارگەر و زەحمەتکێشان لەخشتە دەبات. بەڵام بۆ کەسێک کە بەخۆی لە کرۆکدا ئازادیخوازبێ و خەون بە دونیای سۆشیالیستییەوە ببینێ، ئەوا زبردەستی چەپی زوو بۆ ئاشکرا دەبێت.

چەپ، ڕۆشنبیرانی دەسەڵاتخوازن، کە ناتوانن لە بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە قۆرخکراوەکانی چنگ بۆرژوازیدا، شوێنپێی خۆیان لە دەسەڵاتدا بکەنەوە، بۆیە بەناچاری خۆیان بە خەون و خواستی مێژووی چەوساوەکانەوە، هەڵدەواسن و دەکەونە قاڵبدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نارازییەکان و سواربوونی ملییان لە کاتی تەنگانەی دەسەڵاتی بۆرژوازیدا؛ بەم کارەیان هەم خۆیان دەگەیێننە دەسەڵات و هەم کۆمەڵگەیەکی چینایەتی کە ڕێوشوێنی بەرتەر و سەرڕوەرییان مسۆگەر دەکات، لە لەناوچوون ڕزگار دەکەن.

چەپ هەردەم خۆی بە نوێنەری کارگەر و زەحمەتکێش، چەوساوەکان بەگشتی دەناسێنێت و لەکاتی تێکشکان و لەت و پەتبوونیدا، سوێند بە ئامانجی ئەو چین و توێژانە دەخوا و بەرامبەرەکەی یان ئەوانەی، کە لێی جیادەبنەوە، بە دوورکەوتنەوە و دژەخوونی لەم ئامانجانە تاوانبار دەکات و وەبەر نەفرەتی دەدات.

چەپ لە عیراق و کوردستاندا، لەمەشدا زیادەڕەوی کردووە و تەنانەت تا ئاستی بڤەبوونی ڕەخنە تێیانپەڕاندووە و وەک ستالینی باوک تەنیا باوەڕیان بە (ڕەخنەی بنیاتنەرانە!) هەیە و گەر بۆیان بکرێت، وەڵامی ڕەخنەی ڕوخێنەرانە بە گوولە دەدەنەوە. ئەمە شێوازی مامەڵەکردنی دوا مۆدێلی چەپە واتە (کۆمونیزمی کرێکاری)، کە ڕۆژانە کەرتکەرتبوونی بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی. ئەندامانێک کە سەرکێشی دەکەن و لەبەرەکەی ژێریان زیاتر پێ ڕادەکێشن، مۆڵەتی ٢٤ کاتژمێری بۆ پاشگەزبوونەوە و تۆبەکردنیان دیاری دەکرێت!

یەکێك لەو ئەندامانە، کە بژار ( ناسراو بە بژاری شاعیر)ە، لەبەر ئەوەی کە واوەتر لە سەرکێشی، کەوتۆتە ڕەخنەگرتن لە پارتی دایك و خوازیاری چێکردنەوەیەتی (اصلاح)، بەر توانج و سوکایەتی بە کەسایەتیشی کەوتووە. پێشتر سەرنجی خۆم لە بێسوودبوونی هەوڵە نیازپاکەکانی هاوڕێ بژار خستەڕوو و لێرەدا، ئەوەی کە مەبەستمە سەرەڕای هەر جیاوازییەکی هزریم لەگەڵ ناوبراو، وەڵامدانەوەی توانجە سەرکوتگەرەکانیش، بە بێسوود نازانم.

عادل ئیبراهیم، کە تەمەنی دەرکەوتنی لە نووسین و توانجگرتندا، بۆ سەردەمی بۆ جیابوونەوەکەی پار و نووسین و ڕەخنەکانی بژار دەگەڕێتەوە، لەگەڵ هەر نووسینێکی ناوبراودا، دەڵێی بە قۆنترات پێی ڕاسپێردراوە، یا کێشەیەکی کەسی لەگەڵ بژاردا هەیە و دەکەوێتەوە و توانج دارشتن و وەك داگیرسان و کوژانەوەی گلۆپی سووری ترافیک لایتەکان، هەر بەدوای سەوزدا دادەگیرسێت، ئەمیش تەنیا دوای نووسینەکانی بژار دێتە توانج و پاشان ماوەیەک بە زەردی پشوو دەدات تا بژار شتێکی تازە بنووسێت و دوبارە بکەوێتەوە توانجدان. ئەمە سونەتی چەپە،

سونەتی کەسێکە، کە باوەڕی بە ڕەخنە نییە و کە وەڵامێکی واشی پێ نەبوو، ئەوا توانج لە بێدەسەڵاتیدا دەتوانێت، جیگەی زیندان بگرێتەوە و ئارامییەک بە هەناوی پڕ کینەدۆزیان بداتەوە. ئەم هەلویستەی عادل ئیبراهیم یا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەم کارە ڕایانسپاردوە یا کێشەیەکی کەسی و لابەلایی لەگەڵ بژاردا هەیە و ئەم هەلەی قۆستۆتەوە تاوەکو تۆڵە بکاتەوە؟! ڕاستییەکەی سەرەتا وامدەزانی ، کە سەربە پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە و دەیەوێت ئاگری شەڕەکە خۆش بکات، بەڵام بێدەنگەی حککع لەبەرامبەر ئەم کارانەدا، ئەوەی سەلماند، کە بەشێکە لە هێرشە پاکتاوکارییەکانیان، ئەوەی کە حشعیش لە شەستەکاندا، لەبەرامبەر لێجیابووەکانی پێی هەڵدەستا.

خوێنەری بەسەرنج و وریا، دەتوانێت پەی بەچەند شتێکی شاراوە لە پشت پەردەی ئەم توانجانەوە بەرێت، کە کرۆکی ڕاستەقینەی چەپ و پاگەندەکانی دەردەخات؛ لەوانە بەکەم گرتنی هونەر، بە گێل زانینی خوێنەر و زیادەڕەوی بێبناخە، دڵگرانیان لە ڕوخانی دیوارەکانی سانسور، کە دەنگی هەر نارەزایەتییەکیان کپ دەکرد، پیرۆزکردنی پێشینان وەک زەمینە خۆشکردن بۆ خۆپیرۆزکردن لە داهاتوودا، تەنانەت درکاندنی هەندێك نهێنی لە ناچاریدا. با پێکەوە گەشتێك بە توانجنامەکانی عادل ئیبراهیمدا بکەین و بەخۆتان بڕیار بدەن!

**بەکەمگرتنی هونەر لەبەرامبەر کاری زبری سیاسی پارتەکاندا:**

... بەهـ بەهـ لەم گرفتە لەم وەلامە!! ئەمە هەر لە قالبی زهنی کاک بژاردایەو نابێت بە شیعریش.
... یا تۆ شاعیریکی دل ناسکی ئەهلی هەلسورانی سیاسی نیتو رابەیت پێ ناکرێت، ئێستاش بەداخەوە گرفتەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنستی هیزی شیعری تەواو شیواندوی، ...
... بژار ئەهلی خەباتو شەری واقیعی نییە، ئەهلی دنیای خەیالو شعرو رامانە بە دیار کۆمپیتەرو سایتەکانەوە.

دیارە بۆ کەسێکی بلانکی، هونەر هیچ بایەخێکی نییە و پارتێک و هێڵێکی سیاسی، کە عادل ئیبراهیم بەرگرییان لێدەکات و بەتەمایە بە بوونی دەسەیەکی شۆڕشگێڕی دڕ و لێبڕاو، دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و دواتر سۆشیالیزم بە دەستپاکییەوە بداتە دەست سۆڤیەتەکانی کارگەران و زەحمەتکێشان، تا کاتێك کە نۆرەی توانەوەی پەشمەکی دیکتاتۆریەتی پارت دێت و هەموان پێکەوە- بێگومان ئەوانە نا، کە لە سیاچاڵ و دوورخراوگەکانی پارتی قوماندەدا دارزیوون- بەرەو کۆمونیزەکەی کرێکاری ملی هات و نەهات دەگرین، هەر ئەوەی کە ستالینی باوک پێیهەستا! کەسێك کە باوەڕی بە حکومەتی کاتی پارت هەبێ، ئاساییە کە هونەر لای وەک کا بێ. ئاخر هۆنراوەیەکی ناسکتر لە پەڕەی گوڵ و خاوێن وەک خەونی لە مێژینەی پرۆلیتاریا، لەبەرامبەر چەکمە ڕەشەکانی پارتدا، کە هەر لە ئێستاوە مۆڵەتی ٢٤ کاتژمیری بۆ پاشگەزبوونەوەی ئەندامانی دادەنێت، چی پێدەکرێت! ئەمەیە سوکایەتی پێکردن و ئاوەژووکردنەوەی بێئابڕوانەی ڕاستییەکان، ئەو ڕاستیانەی کە تەنانەت مامۆستا گەورەکانی عادل ئیبراهیم نەیانتوانیوە وا ڕوو قایمانە پێهەستن، بەڵکو لە ناچاری و ڕیاکاریدا تەنانەت بە ڕۆڵی هونەردا هەڵیانداوە؛ بەو مەبەستەی کە بتوانن لە ژێر پەردەی ڕەخنەی بنیاتنەرانەدا دەستەمۆی کەن! ئەگەر پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی لێدەرکەی، کێ دەتوانێت، ڕۆڵی ڕابەر لینین بە ڕۆمانی دایکی ماکسیم گۆرگی بەراوردکا، یا ڕۆڵی بلانکییەکان بە سروودی ئەنتەرناسیونالٚ؟ ئەگەر سەرنجی مێژووی خەباتی چینایەتی بدەین، ئەوەی بە هونەر کراوە هەرگیز لە توانای پارتە سیاسییەکاندا نەبووە؛ هەردەم

دەڵێم ئەگەر چەپەکان لەبری پارتی سیاسی تیپی شانۆییان دامەزراندایە، ڕێوشوێنیان لە کۆمەڵگەدا نەک باشتر، بەڵکو لەو ئاستەدا دەبوو کە بەخەونیش بۆیان نایێتەدی؛ بەدرێژایی تەمەنی حککع بەقەد ئەو چەند شانۆنامەیە کاراییان دانەنا، کە تیپی شانۆی « نینا » و « ئایار» نواندنیان و هێندەی شانۆیی بزنە زێرینە و شاری خۆشبەختی کارایی پۆزۆتیڤیان لە پاش خۆیان جێنەهێشتووە! من تووشی سەرسوڕمان نابم لەم هەڵوێستە دژی هونەرییە، ئاخر هونەری شۆڕشگێڕ چەکێکە، کە خەوی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان وەک یەک دەزڕێنێ!

**دەستەپاچەیی لە ئاست ڕووخانی دیواری سانسور لەبەردەم لە ئینتەرنێت و ماڵپەڕەکاندا:**

شتێکیتر، کە لایەنگرانی ( گوێرایەڵی ئاسنین)ی پارتیانەی بەدەسەڵات و خوازیارانی دەسەلاتی هەراسانکردووە، شکاندنی دیوارە بەرزەکانی سانسور بوو- کە بە هۆیانەوە ڕاستییەکان دەشاررانەوە یان سەرکوت دەکران- بەهۆی دەسڕاگەیشتنی کارگەر و زەحمەتکێش بەم تەکنۆلۆژیایە و بەکاربردنی لەبوارەکانی ژیان و خەباتدا و مایەپووچی دژە هەوڵەکان بۆ بەرگرتن پێی. ئەمە ئەو شتەیە، کە لە نووسینەکانی عادل ئیبراهیمدا بە ئاشکرا هاوار دەکات و چەندین جار لەتاو ئارام لێبڕاوی ئەم ڕستانە دووبارەدەکاتەوە:

... بڕار بۆ خۆی بەدەست ئەم مەقولانەوە وەک دەرویشەکانی بەر مزگەوتی گەورە بەدیار کۆمپیتەرەکەیەوە حالی لێ بێت! جا ئەوسا سایتەکان خۆتان بگرن حالتان خۆش دەبێت.
... ئازیزم ئەم بۆچونو بیرکردنەوانە، تەنیا لە بەر دەرگای دنیا خەیالو ئایدیۆلۆژی ووشکی تۆدایە، ئیستا کە دنیای کۆمپیتەریشت بۆ ئیزافە بووە باشتر وایە زیاتر ئاگاداری خۆت بیت!

ئەگەر ئەمە، ئەفسوس خواردن نییە بۆ ئەوەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت سروتری چەپایەتییتان لە چرکەیەدا بە دوا گوند و کوێرەدێ دەگەیێنێ، ئەدی چییە؟ مەگەر شوانە (ڕابەر) سیاسییەکانی تۆ بە مەنسوری حیکمەتیشەوە، بێجگە پشت مێزی نووسین و کۆمپیوتەرەکەیان چ شوێنێکی دی لەم جیهانەدا شارەزا بوون، بۆ نالێی لە کارخانەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا خەریکی ڕێکخستنی کارگەران بوون یا سەراپای ژیانیان ڕۆژێك لە گەڕەکێکی هەژارنشین نزیکبوونەتەوە؟ ئەزیزەکەم دەستێک بە چاوەکانتا بێنە و ئەو پەردە ڕەشەی پارتایەتی لەسەریان لادە و وردبەوە بزانە تۆ خەریکی چ ناڕاستی گوتنێکی! ئەو هەموو کینەدۆزییەت لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، تەنیا یەک ڕاستی دەردەخا و دەسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە، کە ئەنگۆ پڕ بە حەزتان خۆزگە بە نەمانی ئەم تەکنۆلۆژیایە یا قۆرخکردنی بۆ خۆتان دەخوزن، تاوەکو کەس لە گەندەڵی پارتایەتی بەگشتی و هی خۆتان بە تایبەتی بە ئاگا نەیێت! کورد واتەنی "گەر ماڵت لە شووشەیە، بەرد لە پەنجەرەی کەس مەگرە!" ئاخر ئەزیزم، سەرەرای ئەوەی کە ئەو کەسانەی لە ئەنگۆ جیابوونەوە، نەیانتوانی لەو بازنە داخراوەی چەپایەتی و پارتایەتی و دەسەلاتخوازی دەرچن، بەڵام هەندێك ملهوڕییان پێ قبوڵ نەکرا، کە ڕابەرەکانی تۆ بە چاوسوورکردنەوە خەریکی سەپاندنیانن!

**شوانەتی سیاسی و هەڵپەی دەسەڵات :**

... چاوەکەم ڕابەری خەباتی کۆمۆنیزمی کریکاری لە مەیدانی هەلسورانی سیاسی و جیگای ئعتمادی جەماوەری کریکارانە نەک لە مەقولەکانی تۆو گەران بەدوای وەلام بە مەقولەکانی تۆ...
... بڕار ناتونێ دەوری ڕابەر لەو شەرانەدا بناسیتەوە، ...

... رابەرانی لابۆتە جنۆکەو پیێی وایە بەو باسانە بەتالیان دەکاتەوە...

... حیزبو رابەرایەکەی لە نیو شەری بزووتنەوە کۆمەلایەتیکاندا تاقی دەبیتەوە، ...

... ئەوە تەنیا توانایی‌و لیهاتوویی‌و پیشرەوی رابەرە ئەتوانێ لەو شەراندا بجەنگێ‌و لەشکری کریکاران بەهیز کاتو بەسەرکەوتنیان بگەیەنێ‌و شۆرشی سۆشیالیستی مسۆگەر بکات،...

... لە دەستدانی رابەریکی لیهاتو بە توانا هەمیشە زەربەی گەورەی بە دوادا هاتووە، لە دەستدانی مەنسور حکمەت پشتی بزووتنەوەکەی وا خوار کردووە تا ئیستاش راست نەبۆتەوە، بزووتنەوەکە هیندە داماوە...

پێش هەموو شتێک، پێم باشە جارێکی‌تر پێ لەسەر ئەوە داگرمەوە، کە کۆمونیزم یەک کۆمونیزمە، یا بزووتنەوەیەکە کە ئامانجی دونیای بێچین و چەوسانەوەیە؛ کە نە قۆناخ بەندی وەردەگرێ و نە وەک فیلمی سینەمایی پێشەکی حکومەتی پێویستە، ئەگەر حکومەتی بەناو کارگەری و قۆناخبەندی و دەسەڵاتی پارتیش بێت، ئەوا بۆ چەوساوەکان کە هەر لە بەرەبەیانی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە تا هەنووکە خەون بە دونیایەکی واوە دەبینن، بێجگە لە ترۆهاتی وردە بۆرژوازی دەسەڵاتخواز شتێکی کە نییە! ئینجا بۆت بڵێم براڵە ڕابەر زادەی دونیای چینایەتی و پێشەینەی خێڵەکی هەیە و بڕوانە «مەسعود بەرزانی» و «جەلال تاڵەبانی»، ڕابەر لە دونیای هاوچەرخدا واتە شوانەی سیاسی، بەڵام ئێوە چەپەکانی ڕۆژهەڵات هێندە پاشڕەون، لە دوای بۆرژوازی ئەو وڵاتانەوە شەلەشەلتان دێ . کارگەر و مرۆڤی چەوساوە پێ بزانێت و پێ نەزانێت، خەباتی بۆ لەناوبردنی دونیای رابەرانە و لەناو کارگەریشدا رابەر بوونی نییە و ئەوانەی ئێوە دەیانکەنە شوانەی کارگەران یا ڕۆشنبیرانی وردە بۆرژوازین یا کەرگەرانێکی فریوخواردووی دەستی وردەبۆرژوازی. کارگەر پێش ئەوەی داوای یەکسانی ئابووری بکات، نەفەرتی لە سیستەمێکە، کە چینێکی دیکە دەکات، بەرابەر و بڕیاردەری وی، کارگەری هوشیار و شۆڕشگێڕ بەر لە هەموو شتێک دژی سەروەرییە، لەبەر ئازادیخوازییەکەی و یەکسانی بەبێ ئازادیش هەر ئەو زیندانەیە، کە بۆلشەڤیکە پێشڕەوەکانت و لینینی رابەرتان بۆی سازکردن!

ئەوە کام شەڕە، کە بژار ناتوانێت ڕۆڵی ڕابەرەکانتی تێدا بناسێتەوە. تا ئەوەندەی دانیشتوانی کوردستانی ئاگاداربن، رابەرەکانی تۆ بە زیندوویی و فەرامنی مەنسوری حیکمەتیشەوە، تەنیا یەک شەڕی خۆتڕێنیان کردووە، ئەویش بەم سەرئەنجامەوە؛ نە شەڕەکە شەڕی چینایەتی بوو و نە پەیوەندیشی بە کارگەرەوە هەبوو، دەستەی چەکداری میلیشیاییان ناردبووە ناوچەی مەریوان بە ڕابەری « ڕابەر عەبدوڵای دارابی» بۆ بڵاوکردنەوەی بلاوکراوە بێناوەڕۆکەکانی حککا و ئێرانیش لەبەرامبەردا فشاری بۆ باندەکەی جەلال تاڵەبانی هێنابوو، ئەویش ناچار وەک گوێڕایەڵییەک بۆ ڕابەرەکانی خۆی، ویستی بنکە و ڕادیۆکەتان داخات، لەبەرامبەر ئەمەدا ڕابەرانتان وایانزانی جەماوەری کارگەر و زەحمەتکێش بۆ بەرگری لێیان دەڕژێتە سەر شەقامەکان، پینج لاوی خوێنگەرمی شەیدای دونیای بێ چین و چەوسانەوەیان کردە قوربانی هیچ و کاتێک کە حکومەتەکەی ینک ئەندامانی نووسینگەی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیانی دەستبەسەر کرد، ڕابەرەکان نەک بنکەیان داخست نەک رادیۆیان پێچایەوە، بەڵکو سلێمانێشیان بەجێهێشت. بەڕاستی ڕاستیان وتووە قونی ڕەش و سپی لە بگاردا دەردەکەوێ! ئەوانەی کە ئەندامی ئاسایی و ڕابەر نەبوون، خوێنی خۆیان وەک شاڵێکی سوور لە ملی سلێمانی پێچا و وەک گوڵێکی ئایاری دایان لە بەرۆکی شار، کەچی ڕابەرانی کارامە و لێهاتوو ملی ڕێی ئەوروپایان گرتەوە و کەوتنەوە چەنەبازی چەپانە!

دەتوانم بەجۆرێك، لەو ڕستەیەی دواییدا پشتیوانیت لێبکەم، کە لە دوای مەنسوری حیکمەت شاگرد و ڕابەرەکانی تر، هەر وەک چۆن ستالین لەسەر تەرمەکەی لینین شیوەن و باوکەڕۆی

نایەوە و کەوتە سوێندخواردن بۆ لینین، تاوەکو ڕێگە بۆ پیرۆزکردنی خۆی خۆشکات، ئاوا ئەوانێش کەوتنە باوکەڕۆ و دەمیان بوو بەتەڵەی تەقیوو و قسەیان پێنەما و هەر ئەم لێکترازان و پەرتەوازەییەشتان بەرهەمی هەتیوکەوتنتانە. ئەمەیە بەرهەمی ئایدیالیزمێک کە ئێوە لە بۆلەشەڤیکەکانەوە بۆتان ماوەتەوە. تەنیا لەم ڕستەدا ڕاست دەکەیت، هەر لەبەر ئەوەش بە خوێندنەوەی (<u>بزووتنەوەکە هیندە داماوە</u>) کزە لە جەرگم هەستا بۆتان. ئای لەو زەبوونییە مەزهەبییە، ئای لەو گومراهییە خورافییە، کە ئەنگۆ تێیکەوتوون. مرۆڤ نازانێت لەم دەهەی یەکەمەی سەدەی بیست و یەکدا، لە کوێدا و لە پاڵ کام دەستەدا ڕیزتانکات؛ لەپاڵ دەروێشەکان، لەپاڵ فەقێکان یا لەتەنیشت فالگرەکاندا؟ بەڵام ناڕاستیەك لە ڕستەکەتدا کە ناتوانم جاوپۆشی لێبکەم، ئەویش ئەوەیە، کە لێت بپرسم کام بزووتنەوە پشتی خوار بووە و داماوە، بزووتنەوەی کارگەری یا جووتە پارتەکە هەزار پارچە بووەکەی ئەنگۆ ؟ زۆر گرنگە و پێویستە کە مرۆڤ لەکاتی نووسیندا بە حەزی خۆی واقیع نەپێوێ! ئاخر نووسین ناسڕێتەوە و قسەی سەرزارەکی نییە، تا بە ئاسانی لە تەنگانەدا حاشای لیبکرێت!

رەخنەی دڵخواز و ڕەخنەی قێزەون لەبەردەم هەڵوێستی رابەراندا:

<u>... لە کۆتایشدا دەلیم بەداخەوە بەگشتی جۆری ئەو رەخنانەی لە کەسانو گرووپو حیزبە کۆمۆنستەکانی دەگریت ئەخلاقیانەو نەشیاوە، نە زانستیەو نە مەوزوعی،....</u>
<u>... بەلام کەسانیک ئەمرۆ کەمی شارەزاییان لە جۆری رەخنەی مەنسور حکمەت، نەک لەو رەخنە هەلیتو بەلیتانەی تۆ ناگرن بیزشی لیدکەنەوە،...</u>
<u>... پیویستت بەوە هەیە زیاتر لە مەنسور حکمەتو میسۆدی ئەو تێ بگەیتو تا بتوانیت بیری پێ بکەیتەوەو کاری پێ بکەیت.</u>

با لەم بەڕێزە بپرسین، لە بنچینەدا لای ئێوە مێگەلی ئەندامانی پارت، ڕەخنە چییە و چی دەتوانێت ڕەخنە بێت. کاتێک کە بۆلشەڤیکەکان بە دروشمی فریودەرانە وردەوردە کارخانەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی کۆمیتەکانی کارخانەکان دەرکێشا و سۆڤیەتەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی ولات کەنارەگیرکرد و یەکەم بەرنامەی بوژانەوەی ئابووری بۆرژوازییان ئابووری نوێ (نیپ) بە مامۆستایی لینینی ڕابەر داڕێژا، ئیتر سەرەی زمانبڕین هات و ناوونانۆرەی تازەیان بۆ ڕەخنەی شۆڕشگێڕانە (ڕەخنەی ڕوخێنەرانە) داڕشت و زاراوەگەلی وەک ڕەخنەی بنیاتنەرانە ( واتە پیاهەڵدان و سواقدانی دەسەلات) جێگەی گرتەوە و لەسەر دەستی ستالینی باوکدا، لە ئاستی جیهانیشدا پەرەی پێدرا، لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی چینایەتی زەمینەی ئامادەی بۆ ئەم ئاوەژووکردنەوە هەبوو، تووتیەکانی کۆمێنتێرنیش کردیانە وێردی سەر زمانیان. ئەوەتا پاشینەبەری ئەم پێشینەیە دەڵێت "ڕەخنەی هەڵیت و پەڵیت"، ئەمە زمانی قامچی بەدەستانە، ئەمە نەوەی ئەو دەستانەیە، ڕاپەڕینی کرۆنشتات و بزووتنەوەی وەرزێڕانی ئۆکرانیایان خەڵتانی خوێنکرد، هەر لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لەدەسەڵاتی پیرۆزی پارت گرت، هەر لەبەر ئەوەی نەیانویست ئالاکەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەبەردەم لەشکرەکەی بۆلشەڤیزمدا داگرن و نەوی بەکەن، شۆڕشێک، کە تەنیا بە لەناو بردنی سەروەری چینایەتی سەرکەوتنی مسۆگەر دەبوو، شۆڕشێک، کە سبەی لە مۆزەخانەکانی دیکتاتۆریەتدا، داوەڵ بۆ رابەران و دەسەڵاتخوازان دروستدەکات. ئەوەی ئەو برادەرە لە بژاری دەخوازێ، ڕەخنە نییە، ماستاوکردن و دەست بەسنگەوە گرتنە، ئەستەمە هۆنەری شۆڕشگێڕ مل بەوە بدات و شان و شکۆی ڕەخنەی شۆڕشگێڕانە تا ئاستی پیاهەڵدانی زۆرخوازان نەویکات! ئەگەر بە ڕەخنەکانی بژار، کە هێشتا سنووری پارتایەتی و

حکومەتی بێچەندوچوونی پارتی قوماندەی نەبەزاندووە، بە هەڵیت وپەڵیت نێو دەبات، ئەوا سەرنج و ڕەخنەی ئێمەمانان، زێراب و ئاوەڕۆ، بەدڵنیایشەوە، ناومان لە لیستی ڕەشدا تۆمارکراوە و پەتی سێدارەی دیکتاتۆریەتی پارتمان بۆ چنراوە! ئەمە کامە زمانی گفتوگۆی سکیولاریستانەیە، سەد ڕەحمەت لە سیکولاریزمەکەی ئاگا بوش و بوشی گەورە! ئەوان تۆزێک دیبلۆماسیانەتر هەڕەشە دەکەن!

**جیاوازی ڕەخنەی مەنسور و چەپەکانی پێش خۆی:**

... بەڵام ڕەخنەی مەنسور حکمەت لە تەواوی ڕابەرانی بەلشەفیەکانو کۆمۆنستەکانی ئەو سەردەمە، ئەوە بوو کە نەیان توانیوە وەلام بە بەرنامەی ئابووری دامەزراندنی کۆمەلگەی سۆشیالیستی بدەنەوە، ستالین بەرنامەی سەرمایەداری دەولەتی کردە بنەمای کۆمەڵگەی شورەویی، ...

هەرچەندە پێشتر پەنجەم بۆ بەرنامەرێژی سیاسەتی ئابووری نوێ (نیپ) ڕاکێشا، بەڵام جارێکیتر ناچار، بۆ ئەوەی ئەم ئازیزەمان کوتاڵی قەڵبمان پێنەفرۆشێت، دەڵێم ئەزیزەکەم، بۆلشەڤیکەکان نەک نەیانتوانی، بەڵکو نەیانویست و تەنانەت ڕێگریشیان لە سۆشیالیزەکردنی ئابووری واتە قوڵبوونەوەی شۆڕشی سیاسی بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری؛ واتە ڕیشە داکوتانی وەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی، گرت! کارگەران بەڕیوەبەرانیان شەق تێهەڵدا و لە دەرگەوە دەریان کردن و کۆمیتەی کارخانەکانی خۆیان دامەزراند و بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنایان گرتەدەست خۆیان، کەچی ڕابەرانی بۆلشەڤیک لە پەنجەرەوە بەڕێوەبەرە کۆنەکانیان هێنانەوە ناو کارخانەکان! کارگەران و مەلەوانان لە کرۆنشتات هەڵبژاردنی ئازادانەی سۆڤیەتەکانیان کرد و هێزی بەرگری سۆڤیەتی خۆیان دامەزراند، لەشکرەکەی ترۆتسکی بە بڕیاری لینینی ڕابەر کۆنە کۆمیسارەکانی تزاری خستە پێش خۆی، بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کرۆنشتات واتە سەرکوتی شۆڕشی سێیەم؛ چەخماجەی شۆڕشی پرۆلیتێری! بزووتنەوەی وەرزێڕانی ئۆکرانی (ماخنۆڤیستەکان) لەلایەک لەشکری نەمساوی و ئاڵمانیان وەدەر دەنا و لەلایەکیترەوە کۆمۆنە کشتوکاڵییەکانیان دامەزراند، هاوکات دەستی هاوکاریشیان بۆ لەشکرە ناسوورەکەی بۆلشەڤیکەکان درێژکرد دژ بە هێرشی ئاڵمانی و نەمساوی، کەچی ڕابەرەکانی تۆ لەگەڵ ئاڵمانیا ڕێکەوتن و لەلایەک دەستی بۆرژوازی ئاڵمانیان  بۆ سەرکوتی بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەتی لە بەرلین و میونیخ ئازاد کرد و لەلایەکی ترەوە بۆ گیانی وەرزێرانی ئۆکرانی و بە خۆشیان لە پشتەوەڕا کەوتنە گیانی پارتیزانەکان و کوشتاری وەرزێڕە کۆمۆنەخوازەکان! ئەو کۆمۆنانەی، کە پاش دەهەونیوێک بوونە ئەزموونێکی سەرکەوتوو، بۆ کارگەران و وەرزێڕانی کەتالۆنیا لە شەڕی نێوخۆی ئەسپانیادا و لەوێش پارتە دەستە خوشکەکەی بۆلشەڤیکەکان، کەوتەوە هاوکاری بۆرژوازی بۆ سەرکوتی ئەو بزووتنەوەی، کە سەرمەشقی داهاتووە! ئیتر نەیانتوانی یانی چی و ستالینی چی؟ ستالین تەنیا تاوانی درێژەدان بوو بە بەرنامە سیاسی و ئابوورییەکەی لینین، ستالین لەسەر دەستی لینین فێری پاڵاوتنی ڕیزەکانی پارت بوو! ستالین شاگردێکی بەوەفای لینین بوو، هەر وەک تۆ هی مەنسور حیکمەتی! چەپەکانی پێش مەنسوریش خاڵی ڕەخنە گرتنیان لە بۆلشەڤیکەکان و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانی پارت، لە پاش مەرگی لینینەوە دەست پێدەکات، لە کاتێکدا لە ئەوروپا فرە ئانارشیست و مارکسیست هەبوون ، هەر لەدەمی ژیانی لینینی ڕابەردا، کارگەران و سۆشیالیستەکانیان لەوە ئاگادارکردەوە کە لە ١٩٨٩دا ڕوویدا و بۆ کەسانی بەدبەختی وەک من و تۆی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی بەعس و فریوکاری حشع و کۆمونیزمە کرێکارییەکەی مەنسور حیکمەتدا

نەماندەزانی! ئەزیزەکەم، ئەو سالانە بەسەرچوون، مرۆڤ لە گوندەکەیەوە ئاگای لە گوندەکەی تەنیشتیان نەبوو، ئەرشیڤی دەسەلاتی دیکتاتۆریانی ٧٠ ساڵی بۆلشەڤیزم کەوتە بەردەست ئەوانەی کە بە قسەی تۆ ڕەخنەی هەلیت و پەڵیت دەگرن!

**هونەری زادەڕەوی و ڕاستی پەردەپۆشکردن :**

... چونکە پیم وانیە لە نیو ئەو ڕیکخراو حیزبانەدا کۆنترۆل، سەپاندن، سەرکوت.. هیندەی لیبرالی بون کارکردی بوبیت، ئەو کارکردی لیبرالی بونەش، هۆکەی دەکریتەوە بۆ پەرتی سیاسی بونیان، پەیگیر نەبون لەسەر رابەری کردنی شەرەکانی کریکاران لەنیو کۆمەلگەی سەرمایەداریدا.

عادل ئیبراهیم، دەڵێی چیرۆکی هەزاران ساڵ لەمەوبەر بۆ دانیشتوانی سەرزەوی نا، بەڵکو بۆ دانیشتوانی سەر ئەستێرەیەکیتر، کە هێشتا پێیان نەنابێتە ناو ئەم جیهانەی ئێمەوە، دەگێڕێتەوە. ئاخر لیبرالیزم بە کیشوەریش نزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکەوتووە چ جای چەپە چاخبەردینەکانی تۆ لە زێدە بەدەر لیبرال بن؟ لەوانەیە ئەگەر پیتی (ی) لە وشەی دیکتاتۆریدا دەرکەی و بیکەیتە واتە( دکتاتۆر) ئەوا پڕ بە پێستییان دەبێت، بەتایبەت وردەگیرێکی وەک تۆیان هەبێ و لە بوونی لەڕادەبەدەری ئازادی لەناویاندا، بێزار بووبێت. من بڕواناکەم سەدام حسێن قەد وەک تۆ بێزاری خۆی لە زۆری ئازادی دەربڕیبێ! ئەزیزەکەم، ئەوان بەخۆیان ناتوانن حاشا لە هەڕەشەنامەکانیان لە جیابووەکانیان ( هەر لە هەڕەشەکانی مەنسور حیکمەتەوە بۆ بەهمەنی شەفیقی و هاوڕیکانی تا دەگاتە هەرەشەی حککع بۆ فراکسیۆنە جیابووەکانی ڕەوتی بۆلشەڤیزم و ئەوانەی دواتر بوون بە بزووتنەوەی بنیاتنان و ئەم دەستە هاوڕێییەی بژار، کە ٢٤ کاتژمیر بۆ تۆبەکردنیان دیاریکرا! خۆ ناتەوێ نکۆڵی لەمانە بکەی، بەڵگەنامەکان لەبەردەستدان، ئەزیزم!

پاشان دەڵێت :

"... بەش بەحاڵی خۆم ئەندامی هیچ یەکێ لەو ڕیکخراو حیزبانە نیم کە ئەمرۆ بە ناوی کۆمۆنستی کریکاریەوە هەلسورانی سیاسی دەکەن، لە هەمان کاتدا گەر ببمە ئەندامی هەر لایەکیشیان، بەهیچ جۆرێ ئەو هەستو بیرکردنەوەو نارەحەتیەی بژارم نییە کە وابیر کەمەوە ئازاد نەبم، لەو بارەوە هەتا وا بیردەکەمەوە کە هەر هەمویان لیبرالن تا ئەوەی کۆنترۆل بکەن، واتە پێچەوانەی درکو مەشغەلەی بژار، ئەوەندە لەنیویاندا هەست بە ئازادی دەکەم لە خۆم بیزار دەبم."

باشە تۆ ئەگەر ئەندام نیت، لە کوێوە هێندە دڵنیایت و دەوێری وا بەدڵنیاییەوە پێ لەسەر بوونی ئازادی نێو ڕیزەکانیان داگری و بژاریش لەوە خاترجەم بکەیت، کە لەناو حککعیشدا ئەو باسانەیان بۆ بڵاو دەکردەوە و مافی ئەندامەتیشی دەپارێزرا، ئەی ئەگەر وایە، بۆچ لەسەر داوای ڕونکردنەوەی هەلوێستی ڕابەرایەتییەکەی لەمەڕ کێشمەکێشەکانی ڕابەرایەتی نێو حککا چاویان لێسوورکردەوە؟ ئەگەر وایە، ئەو هەموو سوکایەتی و تۆمەت هەڵبەستنانەیان بۆ بژار و هاوڕێکانی و پارتەکەی تەقوایی لەپای چی، تۆ بڵێی بژارێک کە شەقی دیکتاتۆریەتی زەمانە لە پارتەکەیدا دەرییەڕاند، یەکشەوە بووبێتە دوژمنی کۆمونیزمە کارگەرییەکەی مەنسور حیکمەت؟! یا ئەوەتا تۆ کۆنەقینت بەرامبەر بژار هەیە یا لەوە ناچێ تۆ ئەندام نەبی. ئەی ئەو ئەفسونە چییە، کە وای لە تۆ کردووە، لەسایەی وەها دەزگەیەکی سەرکوتگەردا، هەست و بیرکردنەوەو ئەو پشێویەی بژارت لا دروست نەبێ و هەست بە ئازاد نەبونی خۆت نەکەیت و تەنانەت لەتاو هەست بە

ئازادی کردندا، لە خۆشت بێزار بی؟ بەڕای من تازووە برۆ بۆ لای شارەزایەکی دەروونناسی، چونکە ئەو بارە نائاسییەی تۆ، بۆی هەیە جۆرە نەخۆشییەکی تازەی کۆیلەگەرکەرانە بێت!

... خلافی سیاسیو بریاری سیاسی، دیارە کە لەسەر چارەنوسی خەباتی کریکاریو کریکارانە، ئەو چارەنوسە لە چ شوینو کاتیکی میژووی خەباتی بزووتنەوەی کۆمۆنستیدا دراوەتە دەست ئەندامان، ئەرێ لینین " مەسەلەکانی لەسەر نیسان" دایە دەست رابەری جەماعیو ئەندامان؟ ، بریار لەسەر روخانی دسەلاتی کیرنسکی دایە دەست رابەری جەماعیو ئەندامان؟، یا لینین رابەرو پیشرەو بریار دەری یەک بەیەکی ئەو حەرەکەتانە بوو.

ئەم چەند ڕستەیەی سەرەوە هەم ڕاستگۆیی و هەم جۆرێک لە نارۆشنی و نائاگایی تێدایە. براڵە، لەوەدەچێ تۆ لە خەوێکی موگناتیسیدا هێشتا لە ساڵانی ١٩١٧- ١٩١٨ دا بژی و ئاگات لەو کارەساتە نەبێ، کە لەسەر دەستی لینینی رابەر و خۆشەویستی تۆ بەسەرمان هات، ئەزیزەکەم ڕەخنەگرە هەلیت و پەلیتەکان هەر کەسەو بەجۆرێک خەریکین پێت بڵێین، گرفتەکە هەر لەوەدایە و بژاریش هەروا دەڵێت، تەنیا ئەوەیە، کە بژار ناوێرێ لەبنەوانی گرفتەکانەوە ڕەخنەکەی دەست پێبکات و لەبری ڕەخنە لە حککع لە پارتی سۆشیال-دیموکراتی ڕوسیەی بگرێت، لەبری ڕیبوار ئەحمەد لە مەنسوری حیکمەت ڕەخنە بگرێت. ئەمە گرێکوێرەی ڕەخنەکانی بژارە، بۆیە تۆ بواری تەراتینت بۆ دروست بووە! ئەزیزەکەم کاتێک کە سۆڤیەتەکانی پترۆگراد داوای روخانی دەوڵەتی بۆرژوازیان دەکرد، لینینەکەی تۆ دەیگوت هێشتا کاتی نەهاتووە. ئەزانی بۆ؟ چونکە پارتەکەی وی گچکەترین ڕێکخراوەی سیاسی بوو و نەیدەتوانی ئاوا دیکتاتۆریەتی بێپەردە لەو کاتەدا بسەپێنێ و شەق لە سۆڤیەتەکان هەڵدەن و دەسەڵاتی پارتی قوماندە بسەپینن!!! لەمەڕ نیوەڕستەکانی تری ئەو پەرەگرافە قسە ناکەم و جارێکیتر بۆت کوپی دەکەمەوە و هێندە بەسە بنووسم بەبێ توانج:

ئەرێ لینین " مەسەلەکانی لەسەر نیسان" دایە دەست رابەری جەماعیو ئەندامان؟ ، بریار لەسەر روخانی دسەلاتی کیرنسکی دایە دەست رابەری جەماعیو ئەندامان؟، یا لینین رابەرو پیشرەو بریار دەری یەک بەیەکی ئەو حەرەکەتانە بوو.

ئەوە چۆنە لەتاو بەیاننامە بێ ئەژمارەکانی حککع، پەرژاوتە و «مارکس»ت بیرکەوتۆتەوە؟

... مارکس لە خۆوە نەیوتووە " یەک حەرەکەی عەمەلی چەند قات لە پێشترە لە دەرزەنێ بەرنامە".

واز لە هەڵەکانی ئەم نیوە دێرە دەهێنم و دەڵێم گەر مارکس لەسەردەمی حککعدا بژیایە، ئەوا دەیگوت : بزووتنەوەیەکی بە کردەوە، چەندجار لە دەرزەنێک بەیاننامە (بەرنامە نا) لە پێشترە. چونکە بەدبەختی ئێمە لەوەدایە، کە لە سەردەمی بەیاننامەدا دەژین و سکیولاریزمی بۆرژوازی و سۆشیال- دیموکراسی لەبەرگی دونیایەکی باشتر و کۆمونیزمی کارگەریدا، خۆی ئارایش دەکات! ئای لە بەدبەختی کارگەرانێک، کە باوەڕیان بە ڕابەر هەبێ و تۆش ڕابەریان بێ، ئەبێ خۆزگە بە سۆشیالیزمەکەی دیکتاتۆرەکەی ڕۆمانیا بخوازن!

... باشە لەبیرت چۆتەوە یا ئاگادار نیت کە هەموو ئەوانەی لە مەنسوور حکمەت جیادەبونەوە هەر هەمان ڕەخنەیان لیگرتووە، کە کۆنترۆلو سەپاندنو سەرکوتی کردووە، ئازادی ئەندامانی نەداوە، رابەری فەردی خۆی فەرزکردووە.

منیش دەڵێم نە بیری چۆتەوە و نە نائاگاشە، بەڵکو ئەو بوێرییەی تێدا نییە یا هێشتا بەو سەرەنجامە نەگەیشتووە، کە بەڵێ، ئەوانەش کە مەنسور حیکمەت شمشێری لێهەڵکێشان (بەهمەن شەفیق و هاورێکانی)، بەدەردی هاورێ بژار و هاورێکانی چۆن لە حککعدا پارتبەدەرکران، پارتبەدەر کران! بەڵام جێی خۆیەتی، منیش لە تۆ بپرسم و بڵێم، ئایا ڕەخنەی هەموو ئەوانەی کە جیابوونەوە، گومانی ئەوەیان لا دروست نەکردی، بۆ یەکجار مەنسور حیکمەت وەک مرۆڤێکی ئاسای نەک سەرومرۆ سەیر بکەی و ئەگەری راستی ڕەخنەکان، لەو دەروێشیە دەرتهاوێتە سەر زەمینی واقیع؟! جیاوازی تۆ و ئەسحابەکانی ١٤٠٠ و چەند ساڵ لەمەوبەر لەچیدایە، لە کاتێکدا کە هەردوولاتان بۆ جارێک ئەگەری ڕاستبوونی ڕەخنەکان لەبەرچاو ناگرن؟! خۆ تۆ لە سەرەتای باسەکەتەوە بە وشەی دیالێکتیک هێرشی نابووتکەرانە بۆ بژار و هەستە ناسکە هۆنەرانەکەی دێنی! ئەی چۆنە هەروا زوو دیالێکتیکت لەبیر چوو و بۆیتە یاری سوێندخواردووی مەنسوری حیکمەت؟! یا ئەوەیە لە زاراوەی دیالێکتیک نەگەیشتوویت و پێت وایە بەمانای سۆفیگەری دێت! دیالێکتیک واتە زانستی لۆژیک (منطق) یا لۆژیکناسی و لەوەی تۆدا بەکارتبردووە، واتە لۆژیکی شتەکان، ئەوانەی کە دەیانڵێین، کە دەمانەوێ بە کەسانیتری راگەیێنین، خۆ دەبێ پست بەلۆژیک ببەستن، ئەوەش کە لەم دەستورە لادات، دەبێتە یاسایی خواوەندی و هەر ئەوەی کە تۆ خەریکی وتەکانی مەنسور لە سەروی ڕەخنەوە دادەنێت و هەموو ڕەخنەکان دەخەیتە تەرازووی لادان. ئەزیزەکەم برۆ کەمێک خۆت بدەرە بەر تاقگەی رەخنە، با لە خەرمانەی پیرۆز و درۆزنانەی خوایی پاک بیتەوە و ڕەنگ و ڕووی کارگەرە چەوساوە هاوچارەنووسەکانت لێ بنیشێتەوە، لێتدەترسم، هەرچەند نەمبینیوی، هەرچەند دەکەم، سیمای ستالینم دێتەبەرچاو، ئاخر ئەویش بێزی لە ڕەخنەی هەڵیت و پەڵیت دەبووە و وەک فوتبۆڵی تەقیوی مناڵان تێهەڵدەدا!!

... جا سەیرەکە لەوەدایە لەبەر ئەوەی ئەندامان لە ناو ئەو حیزبانەدا ئازادییان ئەوەندە زیادەو لێیان دەرژێت، ئەو جۆرە نوسینانەی تۆ دەبێت ئەو فتبۆلە تەقیوەی مناڵان لە بێ فتبۆلیدا یاری پێ دەکەن. (بەبێ توانج)

کەواتە، دەبێت ئێمەش دڵنیابین لەوەی، کە نووسین ڕخنەکانی مەش لەبری دەسڕی توالێت لە توالێتەکانی پارت و ڕابەرایەتیدا، بەکار دەبرێن!

*ئەم نووستنە بەشی دووەمی، نووسینێکە بەنێوی « **(تێڕامانێک لە بزووتنەوەی کۆمونیستی و گرفتەکانی) و چەند سەرنجێک**»، کە لە ٢٠٠٥ /٠٦/٠٩ نووسیومە، کە تێیدا زنجیرە وتاری (تێڕامانێک لە بزووتنەوەی کۆمونیستی و گرفتەکانی) هاورێ بژارم خستۆتە بەر سەرنج. پێم باشبوو، ئەم وەڵامەی توانجەکانی عادل ئیبراهیم، وەک بەشی دووەمی ئەو باسە بنووسم.

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم کلیکی بەشی یەکەم بکە